# "پێویستمان بە دیسپلینێکی جەماوەرییە"



گفتوگۆ لەگەڵ ئالان بادیۆ

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

**پرسیار: حەز دەکەین بەو پرسە دەست پێبکەین کە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و فەلسەفە ڕوون بکەیتەوە. بۆنمونە ئەو دەمەی باسی فەلسەفەی خەباتگێڕ(militant philosophy) دەکەیت، مەبەستت چیە؟**

بادیۆ: هەر لەسەرەتاوە، فەلسەفە و ***پرسیسیاسی***(the political) پەیوەندییەکی بنەڕەتییان پێکەوە هەبووە. ئەمە شتێك نیە مۆدێرنە دایهێنابێت. بەرهەمە سەرەکی و سەنتراڵەکەی ئەفلاتون ناونراوە ***کۆمار***، و کۆی کتێبەکە ئاوڕ لەو پرسانە دەداتەوە کە پەیوەندییان بە "شار" یان پۆلس‌ەوە هەیە. ئەم پەیوەستبوونە لە سەرجەم مێژووی فەلسەفەدا شتێکی بنچینەیی بووە. بەڵام پێموایە دوو ڕێگەی بنچینەییش بۆ بونیادنانی ئەم پەیوەندییە هەن.

ڕێگای یەکەم، بەرپرسیارێتیی دۆزینەوەی کۆڵەکەی ***پرسیسیاسی*** دەخاتە سەر شانی فەلسەفە. فەلسەفە بانگهێشت دەکرێت تاکو ***پرسیسیاسی*** لەسەر بنەمای ئەم کۆڵەکەیە بونیادبنێتەوە. ئەم ڕێگەیە باس لەوە دەکات کە دۆزینەوەی نۆرم و ڕێسایەکی ئەخلاقی بۆ هەر سیاسەتێك شتێکی مومکینە، و پێویستە هەر لەسەرتاوە فەلسەفەش ئەم ئەرکە بونیادبنێتەوە یان ناوبنێت، پاشانیش داوەری بکات لەنێوان ئەم نۆرمە و زۆرێك لە چالاکییە سیاسییەکاندا. بۆیە لەم حاڵەتەدا، ئەوەی دەرگا لەسەر پەیوەندیی نێوان سیاسەت و فەلسەفە دەکاتەوە هەم بریتییە لە ئایدیای کۆڵەکەیەك و هەم بریتییە لە تێگەیشتنێکی ئەخلاقیش بۆ ***پرسیسیاسی***. بەڵام ئاراستەیەکی تریش هەیە کە بەتەواوی جیاوازە. ئەم ڕێگەیەیان باوەڕی وایە کە بە مانایەکی دیاریکراو سیاسەت لەپێشترە [نەك فەلسەفە]، گوایا ***پرسیسیاسی*** بەبێ فەلسەفە و بەر لە فەلسەفە و جیا لە فەلسەفەش هەر هەیە. ***پرسیسیاسی*** هەر ئەو شتەیە کە من پێی دەڵێم "مەرجی فەلسەفە". لەم حاڵەتەدا، پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و سیاسەت، بە مانایەك لە ماناکان، ڕیترۆئەکتیف و ڕووڵەپاشە. واتە پەیوەندییەکە کە

فەلسەفە تیایدا جێی خۆی لە هەناوی ململانێ سیاسییەکاندا دەکاتەوە تاکو ڕوونیان بکاتەوە. ئەمڕۆ لەم دۆخە هێجگار تەمومژاوییەدا کە بریتییە لە سیستەمی گشتیی سیاسەتی هاوچەرخ، فەلسەفە دەتوانێت هەوڵبدات دۆخەکە ڕوونبکاتەوە بەبێ هیچ جۆرە نمایش و خۆنواندنێك لە ئەفراندنی دۆخەکاندا. هەنوکە مەرج و ئاسۆی فەلسەفە بریتییە لە دۆخی کۆنکرێتیی چالاکییە سیاسییە جیاوازەکان، و فەلسەفە هەوڵدەدات لە هەناوی ئەم دۆخانەوە کۆمەڵێك ئامراز بۆ ڕوونکردنەوە و شەرعیەتپێدان و هتد بدۆزێتەوە. ئەم ڕێگە و ڕەوتە، ئەو بیرۆکەیە بەجدی وەردەگرێت کە سیاسەت خۆی بریتییە لە ئۆتۆنۆمیی فیکر و بیرکردنەوە، هەروەها سیاسەت پراکتیك و چالاکییەکی دەستەجەمعییە کە خاوەنی هۆش و زیرەکیی تایبەت بە خۆیەتی.

زۆر ئاشکرایە کە ئەمڕۆ ئەم پرسە بەتایبەت پرسێکی قورسە، چونکە چیتر ئێمە لە دۆخێکدا نین جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان دوو ئێنتیمای سیاسیی دژیەکدا هەبێت-وەك ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا هەبوو. خۆ ڕاستە کە هەموان کۆك و هاوڕا نەبوون لەسەر ماهیەتی دەقاودەقی ئەم دوو سیاسەتە دژیەکە، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دژیەکییەك لەنێوان سیاسەتی بۆرژوا/دیموکراسیی کلاسیك و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەدا بوونی هەیە. ئێمە لەناو شۆڕشگێڕەکاندا، بە جۆش و خرۆش و تەنانەت توندوتیژییشەوە مشتومڕی ئەوەمان بوو کە بەتەواوی ڕێگای ڕاست و درووست کامەیە، بەڵام لەبارەی وجودی ئەم دژیەکییە جیهانییەوە شتێك نەدەوترا. ئەمڕۆ هیچ کۆکبوون و هاوڕاییەك لەئارادا نیە لەمەڕ هەبوونی دژیەکییەکی بنەڕەتیی لەم جۆرە، سەرەنجامیش هەڵقە و پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و سیاسەت ئاڵۆزتر و تەمومژاویتر بووە؛ بەڵام ئەرکەکە لە بنەڕەتدا هەر هەمان شتە: فەلسەفە هەوڵدەدات دۆخە فرەییەکانی سیاسەتی کۆنکرێتی ڕوونبکاتەوە، و شەرعیەتیش ببەخشێتە ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەم فەزایەدا درووستدەبن.

**پرسیار: کەواتە دەستێوەردانە فەلسەفییەکانی ئێوە لەو دۆخە نوێیەدا درووستدەبێت کە ئێوە بە "ئاڵۆزتر و تەمومژاویتر" وەسفتانکرد، ئەویش بەبەراورد بەو بەرامبەرکێ کلاسیکییەی نێوان هەردوو ئێنتیما سیاسییە دژیەکەکە؟**

بادیۆ: بەدڵنیاییەوە. سەرەنجام، من فەلسەفەکەم وەك میراتگرێکی بزووتنەوە خەباتگێڕ و مەزنەکانی ساڵانی شەست دەبینم. ڕاستت بوێت، فەلسەفەکەی من لە هەناوی ئەم بزووتنەوانەوە هاتۆتەدەرێ.

فەلسەفەی من فەلسەفەی پابەندبوون و بەرپرسیارێتییە، فەلسەفەی دەرگیربوون و دەستەویەخەبوون، فەلسەفەی وەفاداربوون دەرهەق بە سارتەر، یان گەر پێت خۆشە [با بڵێین وەفاداری] بۆ مارکسیزم. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ڕۆشنبیر دەرگیری سیاسەت ببێت و پابەندبێت بە خەڵك و کرێکارانەوە و لایەنگیریان بکات. من لەناو ئەم نەریتەدا دەخولێمەوە. فەلسەفەکەی من هەوڵدەدات تا ئەو جێیەی دەتوانێت(کە هەمووکاتیش هەروا سادە نیە) ئەم بیرۆکەیە بەزیندوویی بهێڵێتەوە، ئەو بیرۆکەیەی کە سیاسەتی باڵادەست ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینەی هەیە و ناچار نیین لە دەوری سازان و کۆڕاییە باوەکە(consensus) بسوڕێینەوە کە عاقیبەتەکەی بریتییە لە یەکگرتنی سەرمایەداریی جیهانی لەگەڵ ئەو جۆرە دەوڵەتەدا کە لەسەر نوێنەرایەتیی دیموکراسی بەندە. بۆیە دەڵێم فیکری من یان کارەکەی من بە مانایەك لە ماناکان، بەستراوەتەوە بە دۆخی فیعلیی سیاسەتەوە، ئەویش بەو ئامانجەی کە لە پانتایی فەلسەفیدا بیرۆکەی توانا و ئیمکان یان کردنەوەی فەزا بۆ ئەو سیاسەتە بەزیندوویی بهێڵمەوە کە ناویدەنێم سیاسەتی ڕزگاری( politics of emancipation)- بەڵام خۆ دەشتوانین پێی بڵێین سیاسەتی ڕادیکاڵ یان شۆڕشگێڕانە، [واتە]هەندێك زاراوە کە ئەمڕۆ جێی گومان و مشتومڕن بەڵام لە هەمان کاتدا تەعبیرن لە ئەگەر و ئیمکانێکی سیاسیی جیا لە سیاسەتی باڵادەست.

**پرسیار: ئێوە لەم سیاقەدا ئاماژەتان بۆ سارتەر کرد، لەکاتێکدا وا چاوەڕواندەکرا ئاماژە بە ئاڵتۆسێر بکەن. پەیوەندیتان بە نەریتی ئاڵتۆسێرییەوە چیە؟**

بادیۆ: نەریتی ئاڵتۆسێری هێجگار گرنگە، و من ژمارەیەك دەق و کتێبی خۆمم بۆ ئاڵتۆسێر تەرخانکردووە. گەر ئاماژە بۆ سارتەر دەکەم، لەبەر ئەوەیە کە فەلسەفەی سەردەمانی گەنجیم فەلسەفەیەکی سارتەری بوو، ئەویش بەر لەوەی ڕووبەڕووی ئاڵتۆسێر ببمەوە. پێموایە ڕەوت و بزاڤی ئاڵتۆسێری بەشێوەیەکی تایبەت بزاڤێکی گرنگە، چونکە بەشێوەیەکی کەمتر ئایدیالیستی ژیان و وزە دەبەخشێتەوە بە پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و سیاسەت- واتە بە فۆرمێك کە چیتر بە فۆرمی ئاگاییدا تێناپەڕێت. بەڵام لە سارتەردا هێشتا لەبەردەم مۆدێلێکی کلاسیکیی ڕۆشنبیردایین کە لە سەرەتاوە بەپێی زاراوەکانی "ئاگایی و هۆشیاری" دردکدەکرێت، ئەو ڕۆشنبیرەی کە پێویستە پەیوەندی بکات بە خەبات و ڕێکخراوە کرێکارییەکانەوە، ئیدی چ سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان بێت یاخود حیزبە کۆمۆنیستییەکان بێت. گەورەیی ئاڵتۆسێر لەو ڕاستییەدا

دەردەکەوێت کە نەخشە و هێڵکارییەکی نوێ دەخاتەڕوو کە تێیدا پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و سیاسەت چیتر بەناو دەروونناسیی فۆرمی ئاگاییدا تێناپەڕێت، وەك ئەوەی کە سارتەر کردی. ئاڵتۆسێر بەو باوەڕە پتەووە دەستپێدەکات کە فەلسەفە دەستوەردەداتە ناو فەزای ڕۆشنبیریی سیاسەتەوە. کاتێك ئەم هاوکێشەیە دەخاتەڕوو، مەبەستی چیە؟: «فەلسەفە بریتییە لە ڕێکخستن و تەنزیماتی خەباتی چینایەتی لەناو تیۆردا». دیارە خەباتی چینایەتی هەیە و بەدڵنیاییشەوە فەلسەفە داینەهێناوە. خەباتی چینایەتی هەیە و بەبێ خۆلادانیش کاریگەری دەخاتە سەر هەڵبژاردنە فیکرییەکان. فەلسەفە لەناو خەبات و ململانێی نێوان ئەم هەڵبژاردنانەدا ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە: دەستێوەردان و هەر لێرەشەوە ناونان، نۆرم و ڕێسا، پۆڵێنکردن و سەرەنجامیش هەڵبژاردن لە کایەی خەباتی چینایەتیی تیۆری یان فیکریدا. سارتەر و ئاڵتۆسێر جیاوازن لە یەکتری و بگرە دژیەکیشن، بەڵام دەتوانیت لە پنتێکدا ئاشتیان بکەیتەوە؛ واتە فەلسەفە هیچ نیە گەر نەلکێت بە پابەندبوون و بەرپرسیارێتیی سیاسییەوە.

**پرسیار: تۆ خۆتت وەك "کۆمۆنیستێك ناوبردووە بە مانای ژانریك و گشتیی وشەکە". بەڵام لە ناواخندا و بەبەردەوامی جەخت لەسەر بێتوانایی تیۆریی کلاسیکیی مارکسیزم دەکەیتەوە لە بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی ڕاستەقینەی کۆمۆنیستیدا. ئەمڕۆ "کۆمۆنیزم"["یان ئامانج و مەرامی هاوبەش"] چۆن دەتوانێت ببێتە "ناوێکی هاوبەش" بۆ کردنەوە و ئاوەڵابوونی ئایندە؟**

بادیۆ: پێموایە پێویستدەکات جیاکارییەك لەنێوان کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا بکەم. پێموانییە بەرەهایی پێویست بەوە بکات وشەی *کۆمۆنیزم* بپارێزین، بەڵام من ئەم وشەیەم زۆر خۆشدەوێت. خۆشم دەوێت چونکە گوزارشتە لە ئایدیای کۆمەڵگایەك و دونیایەك کە پرەنسیپی یەکسانیی تیا زاڵە، دونیایەك کە چیتر بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکان ڕێکناخرێت- پەیوەندییەکانی سامان، دابەشکردنی کار، جیاکاریی ڕەگەزی(segregation)، ئەزێتدان و بەدڕەفتاریی دەوڵەت، جیاوازیی ژێندەری، و هتد. ئەمە بۆ من "کۆمۆنیزم"ـە. کۆمۆنیزم بە "مانای گشتیی وشەکە" و بەو سادەییە واتە هەمووکەس لەناو فرەیی و هەمەڕەنگیی ڕۆڵ و کارکردە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ ئەویتردا یەکسانە. من هێشتاش بەتەواوەتی هەر لەسەر ئەو قەناعەتەم کە پێویستە ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵی «دابەشکردنی کار» بکەین. بە بڕوای من، ئەمە هەم عاقڵانەیە و هەم عادیلانەش. هیچ هۆیەك بوونی نیە بۆ ئەوەی کە بۆچی دەوڵەت کەناسێکی سەر جادە ڕاوەدنێت و مانگانەیەکی

بژیوەمەرەی هەیە، کەچی هاوکات ڕۆشنبیران و نوخبە لەناو کتێبخانەکانیاندا ڕێزیان لێبگیرێت و لە ئاشتی و ئارامیدا بژین. ئەمە گاڵتەجاڕییە. ئەوەی من ناویدەنێم کۆمۆنیزم، کۆتاییهێنانە بەم بێمانایی و گاڵتەجارییە. کۆمۆنیزم بریتییە لە بیرۆکەی کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای پرەنسیپێکی وجود و هەبوون کە تێکرا لە باری قورس و پرووکێنەری پەیوەندییەکانی سامان و دەسەڵات"دابڕێنراوە و جیاکراوەتەوە"، هەروەها لەم ڕووەشەوە لەسەر دابەشکردنێکی تری چالاکییە ئینسانییەکان بەندە. بەم مانایە من کۆمۆنیستم. هەروەها دژی هەموو ئەو کەسانە خەبات دەکەم کە دەڵێن ئەمە مەحاڵە و کاری نەکردەیە، کە گوایا نایەکسانی لە زات و سرووشتی شتەکان و مرۆڤەکان خۆیاندایە. سارتەر لە جێیەکدا دەڵێت، گەر ئەم ئایدیا کۆمۆنیستییە بوونی نەبوایە ئەوا توخمی مرۆڤ فەزڵێکی بەسەر مەیمونەکاندا نەدەبوو، تەنانەت لە شارەمێروولەیەك یان بڕێك مێروولە باشتر نەدەبوو.

بەڵام مارکسیزم شتێکی ترە- بەتایبەت ئەو دەمەی پرسی چالاکییە مارکسییەکانی وەك ڕێکخستن و تەنزیمات و سیاسەتی کۆنکرێتی دێتە ئاراوە. ئەم چالاکی و پراکتیکانە دەرەنجامێکی سەیر و سەرسوڕهێنەریان هەیە. وەکو ئەگەر و ئیمکانی ڕاپەڕینی دەستەجەمعیی سەرکەوتووانەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، یان ئیمکانی ڕێکخستنی تەواو تازەی کرێکاران و جووتیاران لە فۆرمی سوپای کۆمەڵانی خەڵکی "چین"دا. بەڵام گەر ئەو شتە لەبەرچاو بگرین کە لینین پێی دەڵێت "ئەلفوبێی کۆمۆنیزم"، واتە کۆمەڵانی خەڵك بەسەر دوو چیندا دابەشدەبن، ئەوا حیزب دەبێتە نوێنەری چینەکان، حیزبەکانیش لەلایەن سەرکردەکانەوە ئاراستە دەکرێن- ئۆکەی، ئەمە هێشتاش هەر ئایدیایەکی مەزنە، بەڵام ئەمڕۆ بە کەڵکی هیچ نایەت. ڕێکخستنی جەماوەری هێشتاش هەر مەسەلەیەکی بنەڕەتییە. بەڵام گەر خەڵکە ڕێکنەخراو و پەرش‌وبڵاوەکانی سەرمایەداریی جیهانی وەك خاڵی دەسپێك وەربگریت ئەوا ناتوانیت ئەو گریمانەیە بکەیت کە کۆمەڵانی خەڵك دابەش دەبن بەسەر چینەکاندا.

**پرسیار: تۆ داکۆکی لە "سیاسەتی بێ‌حیزب" دەکەیت، لەگەڵ مۆدێلێکی نوێی "ڕێکخستن و تەنزیمات"دا. چۆن جیایاندەکەیتەوە؟ لەبەر چییش؟ هەروەها ئەمڕۆ چ پەیوەندییەك لەنێوان سیاسەت و دەوڵەتدا هەیە؟**

بادیۆ: پرسی "ڕێکخستن" هێشتاش هەر بایەخێکی بنەڕەتیی هەیە، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە پێیانوایە هەر لەبنچینەوە نابێت سیاسەت ڕێکبخرێت و تەنزیم بکرێت، بۆنمونە وەك نەریتی گەورەی ئەنارشیزم. ناو و ناونیشانی "ڕێکخستن" ئاماژەیە بۆ ڕەهەندێکی دەستەجەمعیی چالاکیی سیاسی. دەزانین کە ڕێکخستن دەتوانێت فۆرمی بزووتنەوە، حیزب، یەکێتی و سەندیکا، یان هەر شتێکی تر بگرێتە خۆی. ئەمە نەریتێکی مەزنە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لە دۆخێکداین کە مۆدێلی تەواو باڵادەستی حیزبی چینایەتی، مۆدێلی حیزبی پێشەنگی لینینی(لە مانا ئێستاتیکییەکەشیدا) گەیشتۆتە بنی و لێی دەڕژێت. هەڵسەنگاندنی من بۆ حیزبی لینینی ئەوەیە ئەم حیزبە مۆدێلێك بوو کە ڕۆڵ و کارکردەکەی بریتی بوو لە ڕەخساندنی ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووانە. لینین هەمیشە بیری لە شکستی خوێناویی ڕاپەڕینە کرێکارییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەکردەوە، بەتایبەت کۆمۆنەی پاریس. بە زمانی لینین، کۆمۆنەی پاریس یەکەمین ئەزموونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو و جگە لە تێکشکانێکی خوێناوییش هیچی تر نەبوو. شکستی هێنا چونکە بزاڤەکە بەدەر بوو لە دیسپلین، پارچەپارچە و بێدەسەڵات بوو. لینین ئەو ڕێنماییە دەکات کە پلەیەکی باڵای چڕکردنەوەی دەسەڵاتی کرێکاران لە چوارچێوەی حیزبێکدا هەبێت، حیزبێك کە بتوانێت سەرکردایەتیی چین بکات و ڕێکیبخات. سەلماندیشی کە لانیکەم سەبارەت بە مەسەلەی ڕێکخستن، بیرۆکەیەکی باش بووە. شۆڕشی ١٩١٧، یەکەمین ڕاپەڕینی سەرکەوتوو بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. لەبەر ئەمەیە کە ئەم شۆڕشە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە- ئەو هەنگاوەی کە نرا. لەدوای ژمارەیەکی زۆر شۆڕشی کرێکاری لە سەدەی پێشوودا، کە هەموویان بەبێ هەڵاواردن بە درندەییەکی خوێناوی و نائاساییەوە داپڵۆسێنران، دواجار مۆدێلە لینینییەکە ئەگەری سەرکەوتنی بۆ شۆڕشێك ڕەخساند.

بەڵام ئەم مۆدێلە، شتێکی لەمە زیاتری پێنەبوو. سەبارەت بە پرسی دەوڵەت و دەسەڵات، هەروەها بەردەوامبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتییش، مۆدێلی دەوڵەتی تاكحیزبی بەهۆی دەرخستنی کۆمەڵێك کەموکورتیی جدیی خۆیەوە کۆتاییهات، چ ئەو کەموکورتییانەی کە ترۆتسکیستەکان پێی دەڵێن "بە بۆرۆکراتیکردنی هەموو شتێك"، چ ئەوەی ئەنارشیستەکان پێی‌دەڵێن تیرۆریزمی دەوڵەتی یان ئەوەی ماویستەکان بە نۆژەنخوازی(revisionism) ناویدەبەن. هیچکام لەمانە لێرەدا گرنگ نین. ئاشکرایە مۆدێلی دەوڵەتی تاكحیزبی، شکستێك بوو. لەڕووی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە، حیزب سەرکەوتوو بوو؛ بەڵام لەڕووی پیادەکردنی دەسەڵاتەوە نا. بۆیە ئێمە لە برگەیەکی مێژووییداین کە پێویستە لە مەسەلەی حیزب وەك مۆدێل و سەرمەشقی ڕێکخستن تێپەڕیبێت یان تێپەڕێت. ئەم

مۆدێلە کێشەکانی سەدەی نۆزدەی چارەسەر کرد، بەڵام دەبێت ئێمە گرفتەکانی سەدەی بیست چارە بکەین.

بە بڕوای من، دەبێت ئەمڕۆ شێوازی ڕێکخستن ناڕاستەوخۆتر پەیوەست بکرێتەوە بە پرسی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە و دەربپردرێت. مۆدێلی حیزبی سەنتەرگەرا جۆرێکی نوێی دەسەڵاتی ڕەخساند کە هیچی لە دەسەڵاتی حیزب خۆی کەمتر نەبوو. ئێمە ئێستا لە سەردەمێکداین کە من ناویدەنێم "مەودایەك لە دەوڵەتەوە". هۆکارەکەشی بەر لە هەمووی ئەوەیە کە مەسەلەی دەسەڵات چیتر مەسەلەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ نیە: ئەمڕۆ چیتر لە هیچکوێ "وەرگرتنی دەسەڵات" لەڕێگەی هەستان و ڕاپەڕینی خەڵکەوە وەك شتێکی ئاسان و مومکین دەرناکەوێت. دەبێت بەدوای فۆرمێکی نوێدا بگەڕێین. من و هاوڕێکانم لە (ئۆرگانیزاسیۆن پۆڵەتیك) بەمە دەڵێین "سیاسەتی بێ‌حیزب". ئەم دەستەواژەیە بەتەواوی وەسفی و نێگەتیڤە و دۆخەکەش پێناسە دەکات. مانا سادە و ساکارەکەی ئەوەیە کە ئێمە نامانەوێت بچینە ناو شێوازێکی ڕێکخستنەوە کە بەتەواوی لکابێت بە دەوڵەتەوە. هەم فۆرمە شۆڕشگێڕییەکەی حیزب و هەم فۆرمی هەڵبژاردن(دەنگدان) لەمڕۆدا پەیوەست بۆتەوە بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، حیزب ملکەچی پرسی دەسەڵات و دەوڵەتە. پێموایە پێویستدەکات ئەم ملکەچییە تێکشکێنین و سەرەنجام ئەو ڕێکخستنە سیاسییە(لە هەر فۆرمێکدا بێت) دەرگیری ئەو پرۆسە سیاسییانە بکەین کە ناچێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە- "واتە دابڕێنراو یاخود داشکێنراون [لە دەسەڵاتی دەوڵەت]"- بەپێچەوانەی فۆرمە شۆڕشگێڕییەکەی حیزبەوە، ئەم سیاسەتی دابڕین و داشکاندنە، چیتر یەکسەر وێرانکار، دوژمنکارانە و ئەنتاگۆنیستی، یان چەکدارانە نیە.

پێموایە حیزبی لینینی لە بنچوبناوانی خۆیدا مۆدێلێکی سەربازییە. ڕێك هەرواش بوو. ئەمە ڕەخنە نیە. پرسیارێك ئارامیی لەبەر لینین بڕیبوو: چۆن لە جەنگدا سەرکەوین؟ لەم ڕووەوە، پرسی تەنزیمات لێرەدا بۆ سوپا، پرسێکی بنەڕەتییە. ناتوانیت لە جەنگێکدا بیبەیتەوە گەر خەڵکی هەرچییان ویست بیکەن و یەکریز و یەکگرتوو نەبن و هتد. بەهەرحاڵ ئەمڕۆ کێشەی سیاسەتێکی ڕزگاریخواز بریتییە لە داهێنان و ئەفراندنی شێوازێکی ناسەربازیی دیسپلینکردن. ئێمە پێویستمان بە دیسپلینێکی جەماوەرییە. زۆرجار وتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە کە «ئەوانەی خاوەنی هیچ نین، خۆ خاوەنی دیسپلینکردنی خۆیانن». هەژاران، ئەوانەی کە نە دارایییەکیان هەیە و نە ئامرازێکی سەربازی، ئەوانەی کە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە- هەموو ئەوەی هەیانە بریتییە لە دیسپلینەکەیان، توانا و توانستیان بۆ ئەکت و چالاکییەکی دەستەجەمعی. ئەم دیسپلینە ڕێك بۆخۆی شێوازێکی ڕێکخستنە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانرێت هەموو جۆرە دیسپلینێك کورتبکرێتەوە بۆ شێوازێکی

سەربازی یان نا، شێوازێك کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باڵادەست بوو. چۆن دەتوانین دیسپلینێکی ناسەربازی بدۆزینەوە و دابهێنین و پیادەبکەین، یان بیخەینە بەر تاقیکردنەوە-سەرباری هەر شتێکی دی، ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی تاقیکردنەوەی درووست و نادرووستداین.